www.kurdistannet.org

# کاتێك هونەرمەندی شانۆکار ( حەمەڕەشی هەرەس ) ئەدوێنین

پاسۆك وای بە چاك زانی لەتەك هونەرمەند حەمەڕەشی هەرەسدا لە بارەی هەندێك بابەتی نەتەوەییەوە چەند پرسیارێك بێنێتە وەڵام , وا هاوشان بە دابەزینی دیڕەکان , ئێمەش لەم دواندنەدا بە تانوپۆی ڕووداوەکاندا گوزەر دەکەین.

پرسیار/ شانۆگەریی ( بێفەڕ ) , لەلایەن ئێوەوە لە چەند شارێکی ئەمەریکای باکوور ,ئەورووپا, سلێمانی, هەولێر و دهۆك پێشکەش کرا, ئەم شانۆگەرییە لای ئێوە چی دەگەیێنێت؟

وەڵام/ شانۆگەریی بێفەڕ لە نووسینی بەندە و , دەرهێنانی ئاشتی هاوسەرم بوو, ئەم شانۆییە لە تویی کەسایەتییەکەوە ( کە ناوم ناوە بێفەڕ ) پرسیارگەلێك ئەورووژێنێ ,کاکڵەکەی ئەوەیە : ئایا بافتی ئەوەیە ئەمڕۆ چەردەیەك جاش و خۆفرۆش بە پاشەڵی قوراویو قیرو جەرەتاویەوە بەرەو سەرووی دیوەخانی کوردایەتی ملدەنێن بێئەوەی کەسێك تێیانخوڕێت : هێی بۆ کوێ ناپاك؟

کە ئەمڕۆ وا هەمهەمەی ئاوەڵاکردنی فایلی ناپاکەکان لە ئارادایە بەلای بەندەوە شتێکی تازەکوورە نییە ,( بێفەڕم ) زیاد لە دە ساڵە هێناوەتە نووسین و زۆریش پێش ئەوە بیرم بێدارە, بۆ ئەم بزووتنەوە نەتەوەییەی کورد , بەنجکراوە و پەلوپۆی بڕاوە؟

یان ڕژێمە دڕندەکانی چواردەور ئەمەندە کەڕەواڵەن کە نەتوانن چەند ویژدانێکی لەرزۆك بکڕن و لە نەتەوەکەمی بکەن بە فسفسپاڵەوان؟! بێفەڕیش یەکێکە لەو فسفسپاڵەوانانەی ڕژێمەکانی چواردەوری وولاتی کورد بۆ ئاسایشیان و مانەوەی نەخشەی وولاتەکانیان کردویانن بە فلتەر و لەمپەر لەڕێی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەما. بە کورتی کە ئێستا فایلی ناپاکەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس لە ئارادایە , ئەی ئەو فایلانەی کەلای سێ ڕژێمەکەی دیکەن؟ بێگومان زۆریان لەسەر بارستایی تۆڕی سیخوڕی ( لە چوارلا مەست و حەیرانبوون) .

بێفەڕ ئەو پرسیارانەی ورووژان لە وولاتی کوردیش بێباکانە و جەرگقایمانە گەیاندم, زۆرسوپاسیش بۆ ئەو نووسەرە بەڕێزانەی شاری هەولێر و دهۆکی خۆشەویست کە بەرز هەڵیانسەنگان و تەلەفزیۆنەکانیان کە تۆماریان کرد و هەر لە هەولێر بڵاویانکردەوە ,

بەداخەوە نایدەن بە سەتەلاێت چونکە بە بڤەی دەزانن , سوپاسیش بۆ حیزبی شیوعی کە ئەو ڕۆژەی لەسەر شانۆ نمایشکرا هەر لەوێ تۆماریان کرد و هەر بۆ ئێوارەش لە تەلەفزیۆنەکەیان بلاویان کردەوە, سوپاس بۆ سەندیکای هونەرمەندانی کورد کە بە باجە پیرۆزەکەیان خەلاتیان کردم و ئێستا ژوورەکەمی ڕازاندۆتەوە, سوپاسی هونەرمەند و هاوڕێی هێژام ئەحمەد سالار و ئەنوەر شێخانی بەڕێز و کاك بەرزانی بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری و, هەموو ئەو هونەرمەند و جەماوەرە زۆرەی لەسەر شانۆکە لە ئامێزیان گرتم , لێرەدا نابێت هونەرمەندانی سلیمانی و دهۆکیش لەیاد بکەم , بە تایبەتی هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان لە سلێمانی و هێژا عومەر عەلی تەها لە دهۆك لەتەك زۆر هونەرمەندی تردا کوردانە بۆ سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە یارمەتیان دام , ئەز سەیرکەرانیشی بە بوێر دەزانم. ئیتر چیبکەین ڕۆژەکەی وایە. بەڵێ فەرموون پرسیارێکی دیکە؟

پ/ ئیمڕۆ لە کوردستاندا دەنگوباسی گەرم لە سەر سازدانی ڕیفراندۆم هەیە بە باوەڕی ئێوە چ پێودانگێ مەرجی سەرکەوتنی ئەو پڕۆسەیە دەستەبەر دەکات؟

و/ بێگومان ریفراندوم بۆ سەربەخۆیي وولاتی کورد یان ژێردەستەیی,کامیان بەگەن بکەین. ئەمە وەك ئەوە وایە بە کورد بلێین ئێوە ئەتانەوێ بژین یان بمرن, یان ئێوە ئەتانەوێ ئابڕوومەند بن یا بێئابڕوو , چونکە ئەوەی وولاتی نەبێت ئابرووشی لە مەترسیدایە, بەلگەش ئەو مێژووە دژوارەی خۆمانە. سازدانی ئەم گشتپرسییەش بۆ داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئێستا و لەم هەلومەرجە لە هەموو کاتێك پتر کاتی خۆیەتی, بەلام ئەوەتا ئەوانەی دەسەلاتیان بە دەستەوەیە ئەیانەوێت بیکەن بە گەمەیەکی دیکەی تاکتیکیی خۆیان و لەجیاتی ئەوەی کۆمەلێك ڕۆشنبیری نەتەوەیی بێلایەن بانگەشەی بۆ بکەن, ئەمڕۆ چەند کەسێکی دەمارگیر بۆ لایەنێك لای سەروویان لێگرتووین و بەرامبەرەکەیان ئەسلەمێننەوە, ئەمەش هەر بۆ ئەوەیە ئەو ڕاسانی داوای ریفڕاندومە بسوێت و,هیوای نەتەوەکە کالبێتەوە. ئاخر ئەگەر بەڕاستیان بێت ئاوا نایەنە پێشەوە, خۆ بەزم و بانگەشەی فیدرالی یانزەسالێ لەمەوپێش مێژوویەکی نزیکە, ئەوە بە ڕیفراندوم ئەنجامدرا؟ یان بەزۆر نایانە دەم پەرلەمانە دووفاقیە ناوکۆییەکەیان کە هەر( بەلێ ) دەسەننەوە , ( زاری بەلێیان باقی بێت). ئەی دەبا ئێستاش ئەم ڕیفراندومە پەرلەمانەکەی لە مەڕ هەرتکلایان جاری بۆ بدەن. ئەگەر نا ئەم

پرۆسەیە ڕاسانێکی هەرێمگیری گەرەکە هەنگاو بەسەر ویست و مەبەستی گاردەکانی پـڕۆژەی گلاۆی ( سایکس بیکۆ)دا بنێت.

پرسیار/ هەموو دەزانین دەسەلاتی کوردی (( پارتی و یەکێتی)) هـەر خـەریکی تـەپڵی دڕاوی عێراقچـێتی و بـەردەوام ژەهراویکردنـی مێشـکی خـەڵکن بـە عێراقـی بـوون... دەزگـا ناکوردستانیەکانی خۆشیان کتومت بۆیان لەگەڕدان...لەم کەشوهەوایەدا ڕیفرانـدوم چـی بـۆ کورد دەکات؟

وەلام/ ئەوەی ئاشکرایە ئەمڕۆ یەکنەبوونی هەردوو زلحیزبەکەی کوردستانە,ئەمـە کاریگـەریی کردۆتە سەر ئەوەی زیاتر پاڵبدەن بە بێگانەوە لەوەی پاڵبـدەن بـە یـەکترەوە, تـا مـەودای نـا تەباییان درێژبێتەوە زیاتر لە کوردستانیبوونیان بەرەو لای دوژمن دابڕدەبن , تا وای لێدێت لە پێناوی کەلاخستنی یـەکتردا لایـەکیان بـە کوێخـا دێیـەکی ئـەو عەرەبسـتانە ڕازی دەبێـت, کامیانیش تاوانباری یەکەمە ئەوە جێدەهێڵم بۆ تەرازووی ژیری نەتەوەکەم,چونکە هەنگاونانی کوردانەش دەبێ بە ویژدانەوە تێبڕوانین , بەراشکاویش ئەوە دەڵێم هەڵسـوکەوتی تالـەبانی و دەوروپشتەکەی (وەك لە مەودای ڕەخنە و سەرزەنشتدا لە سایتە کوردییکاندا پشـکی شـێریان بەرکەوتووە) دڵی کوردیان خۆشنەکردووە , جا ئەمانە وەك لە دابڕکردنی ڕیزەکانی گەلەکەمدا چاپوکانە ئەنجامیاندا, ئەگەر دەیەکی ئەوە هەڵوەدای یەکگرتن و سـەربەخۆیی بونایـە ئێسـتا شاقاوی بەرینمان نابوو. نەگبەتی وا هەیـە ئەمەنـدە دەروێشـیانە هەڵەکانیشـیان وەك مـەدالیا ئەکاتە مل, ئامادەیە ساڵەها بێ بیرکردنەوە شاخەو شاخ شوێنیان کەوێت,دیاردەیەکی سەیرە. تۆ بڵێی ئەم بانگەشەی ریفراندومە بۆ ئەوە نەبێت وەك سالانی سەرەتای دروستبوونی عێراقی دوابڕاو بەتەواوی بماندەنەوە بە عـەرەب و دەمـی هەرچـی سەربەخۆویسـتە بکـەن بەتەڵـەی تەقیو؟ بۆنا ئەی گاردەکانی سایکس بیکۆ ئیشیان چییە؟

پرسیار/ بارودۆخی کورد لە هەنووکە و پێش رووخانی سەدام جیاوازی چییە؟

وەلام/ بێ پرنگانەوە ئەڵێم جیاوازییەکە وەك جیاوازی نێوان پۆلەتیکی ئەمـەریکا و پۆڵـەتیکی ئینگلیزە, هەنووکە ئەمەریکا پتر ئاوێتەی بـارودۆخی کـورد بۆتـەوە , ئەمـە زیـاتر لـە جـاران داشی کوردی سوارکردووە,وەك ڕەوشە نەتەوەییەکەش و وەك کەلاکردنی ئەو دەسەلاتانەی تـا دوێنێ بۆ پیـادەکردنی نەخشـەکانی ئینگلیـز ڕەگـی ملیـان هەڵئەسـان و خـوێنی کوریـان بـۆ بەرئەدان , ماخۆلانی ئەو دەسەلاتانەش وەك لەبەر چاوە,بەڵگەی ڕاستییەکەیە. جارێ کـاتی

ئەوەش نییە لە بنی هەمانەکەیان بۆ بدەم. بەڵام بەم نزیکانە لەتوێی چەند نووسینێکدا هەندێك تەمومژ ئەڕەوێنمەوە.

پرسیار/ باوەڕت وانییە عیراقچێتی مانای ((عروبە ))چێتی بێت و ئەمەش بۆ خزمەتی مامە ئینگلیز بێت؟!

وەڵام/ لەوەتەی ئەم ئینگلیزە پێی خستۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە, با بڵێین لە سەردەمی دۆزینەوەی جوگرافییەوە هەر هەڵوەدای ئەوەیەتی گۆمەکە وا شێلوو بکات, کەس نەکەوێتە بیرکردنەوەی ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە, تەنها ئەوە نەبێت ئەوەی ئەوان دایدەڕێژن دەستوپێوەندەکانیان بۆیان پیرۆزکەن,ئەمپەڕی ڕاست و ئەوپەڕی چەپیان لە عێراقە دەستکردەکەیاندا قوت کردۆتەوە و بەهەموو لایەکیان زورنای یەکێتیی عیراق لێدەدەن و, هێرش دەکەنە سەر ئازادی ویستی کورد و, بەمەرجێك دژوارترین دوژمنایەتی لەناو ئەوانیشدا هێناوەتە ئاراوە , هەر بۆئەوەی پەرە بەپلانەکانیان بدەن. تۆ سەیری مێژوو بکە لە سەدەی ڕابوردووەوە , دەیەها حیزب و کەسایەتی لەو عێراقە دوابڕاوەدا درووستکرا و چەند ساڵێك وەك عەلەشیش خۆیان گیبیڤکردەوە و,لەپڕ کۆتاییان بە دەورەکەیان هێنان و لە لەندەنی پایتەختا گیرسانەوە, یان چوونە هەندێك وولاتانی سەر بەوان و نقەیان لێبڕا,خۆ ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا بە بەرگێکی نوێوە دەیانکەنەوە بە ناوچەکەدا و, سەروبنی زمانیان پیرۆزیی خاکی عێراقە و برایەتیی کورد و عەرەب, سامانێکی بێشوماریشیان لەژێردەستایە سەدەها خۆفرۆشی زۆرزانی پێدەکڕن و هەزارەها ساویلکەیان ئەخەنە شوێن. ناهێڵن ڕاستیی یەك تاکەکەسی وولاتپارێز ڕووناکی ببینێت چجای گەشەکردنی ئۆرگانزەیشنێکی ئازادیخواز, قسەم لەسەر ئەم چەند ساڵەی ڕابوردوو نییە, بەهۆی ئەنتەرنێتەوە کۆنترۆڵ و فلتەری هەندەرانیان پێناکرێت , بێگومان ئەمە هەناسە هەڵمژینێك و حەسانەوەیەکە بۆ ئەو پێنووسانەی دەرك بە کۆڵانە نووتەکەکان ئەکەن و , بە پرۆجیکتۆرەوە شوێنیان دەکەون.

http://www.PASOK.org